ئامادەکرن و وەرگێڕانی: بەکر شوانی

## ئەدی ئەگەر سەدام ئەمەی بکردایە؟
## عەلی شەن –ڕۆژنامەی ستار ٢٠٠٣/٧/٧:

(ماوەی پێنج ساڵە دەنووسم کە هاوسێی نوێمان کوردستان–ی دەستکردی ئەمەریکایە، بەڵام ئێستا لە هەمان وڵات دوو هاوسێمان هەیە: ئەمەریکا و کوردستان. بە داخەوە هەر وڵاتێک لە ڕووی ئابوریەوە بەهێز نەبێت، لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا لاواز دەبێت. ئەم ڕەفتارە، سەرەتایەکی بچوکی سەربازەکانی ئەمەریکای هاوسێی نوێی باشورمانە. جێگەی داخە کە هێزەکانی کوردستان و سوپای ئەمەریکا لە ئەمڕۆ بە دواوە بەردەوام لەوێ کارمەندانی سوپای تورکیا بێزار دەکەن.)

## پێویستە دەستبەجێ لە باکوری عێراق بکشێینەوە
## فاتیح ئالتایلی – ڕۆژنامەی حوریەت ٢٠٠٣/٧/٧:

(ئەنجامەکانی کاری ئیستخباراتی تورکیا و لیستی "سیخوڕەکان"ی تورکیا لە هەرێمەکە و بەڵگەنامەی کار و چالاکیەکانی باکوری عێراق هەر هەمووی یان کەوتە دەست کوردەکان یان ئەمەریکاییەکان. سەربازەکانمان وەردەگرینەوە، بەڵام ئەو بەڵگەنامە زۆر گرنگانە لە دەستی ئەمەریکا و کوردەکاندایە. ئەوەی بۆ تورکیا ماوەتەوە یەک شتە، ئەویش کشانەوەی بە پەلەیە لە باکوری عێراق. مانەوەمان لەوێ هیچ واتایەکی نیە و بە خوتوخۆڕایی سەروەریی نەتەوەییمان لەکەدار دەکەین. پێویستە لە خاکی ئەمەریکای لای باشورمان بکشێینەوە، چونکە هەر ئەو دەمە ئەوێمان لەدەست چوو کاتێک وەکو پێویست وەڵامی ئەو ئەو ئەفسەرەمان نەدایەوە کە مامەڵەیەکی ناشیرینی لە بەرامبەر سەربازەکانی تورک نواند.)

## هەڕەشەی "لە عێراق بکشێرەوە" لە تورکیا
## خاتوو فەرای تینج – ڕۆژنامەی حوریەت ٢٠٠٣/٧/٧:

(لەگەڵ هەرچی دژوارتر بوونی بارودۆخی عێراقدا، دانبەخۆداگرتنی هێزەکانی داگیرکەری ئەمەریکاش لە کەمی دەدات. تەنها یەک هۆیش هەیە بۆ پەلاماردانی بیرۆی پەیوەندیەکانی تورکیا لە باکور؛ ئەمەریکا لە خۆی بترازێ، هیچ ئیرادەیەکی تری ناوێت لە هەرێمەکە. ئەمەریکا بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی عێراقی تەواو وابەستە بە خۆی، لە ماوەی ئەم مانگەدا ئەنجومەنی سیاسی دادەمەزرێنێ. ڕاگەیەندرا کە شیعەکان زۆرینەی ناو ئەنجومەنەکە دەبن و کوردەکان و عەرەبەکانیش بە ژمارەی یەکسان نوێنەریان دەبێت. وترا کە "تورکمانەکان و کەمینەکانی تریش نوێنەریان دەبێت" و تورکمانێک لە ئەنجومەنەکەدا دەبێت. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانمان، ئەنجام نەگۆڕا و تورکمانەکان هەر کەمینەن.)

# بۆچی شایستەی ئەمە قابیل بووین؟
# تونجای ئۆیزکان _ ڕۆژنامەی ئاکشام ٢٠٠٣/٧/٧:

(ئەوەی بەسەرمان دێت هێمایە بۆ لێبوونەوەی تورکیا لە سیاسەت. لە تورکیا لە پێشدا سیاسەت و دواییش بە شێوەیەکی سروشتی ئابووری لە لاوازیان دا. ئێستاش هەوڵ دەدرێ سوپاکەمان، کە تاکە هێزمانە بە پێوە مابێ، لاواز بکرێ. بە ڕاستی ئیدی ئەمە قەبوڵ ناکرێ. خۆ ئەگەر هەموو دەزگاکانی تورکیا لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە بێدەنگ بن، ئەوا گەل بێدەنگ نابێت. هەر لە کاتی کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٩٦دا لە دوبلن ئاشکرابوو کە ئەمەریکا کارتی کورد بەمجۆرە بەکار دێنێ. لەو کۆبوونەوانەدا مەسەلەی ڕێکخستنی تورکمانەکان خرایە بەر باس و هەر لەوێ باس لەوە کرا کە ئەمەریکا سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر تورکیا. هەمان کات بڕیار درا کە تورکیا سیاسەتێکی گونجاو پەیڕەو بکات. چی کرا؟ هیچ. . . داهاتی خاپوور چووە گیرفانی ئاغاکانی کوردەوە، ئەوانیش ئێستا بەڵای سەرن.)

# ئەدی باشە چی بکەین؟
# سەمیح ئیدیز –ڕۆژنامەی ئاکشام ٢٠٠٣/٧/٧:

(ئەمەریکاییەکان لەو ڕوانگەیەوە کە دەزانن کوردەکان گرفتی سەرەکی تورکیان، کاتی خۆی ڕایانگەیاند کە لە هەڕەشەی تورکیا دەیانپارێزن. کوردەکانیش وشیارکردنەوەی ئەمەریکایان بۆ تورکیا بەکەم زانی و دەستیان کرد بە قیژوهاواری "با سەربازی تورک نەیەن، ئەگەر بێن بە چەک بەرەنگاریان دەبینەوە. " هەڵبەتە لە دەربڕینی ئەم هەڵوێستەیاندا پشتیان بە ئەمەریکا قایم بوو. وەڵامە هەڕەشە توندەکانی تورکیاش هێندەی تر ئەمەریکا و بەریتانیای لە کوردەکان نزیک کردەوە. ئەمەریکا لە دوای ڕەتکردنەوەی یاداشتنامەکە، ئەرکی پاراستنی کوردەکانی "هاوپەیمان"ی خۆی لە بەرامبەر تورکیا لە ئەستۆ گرت. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە یاداشتانە هەبووایە یان نەبووایە، زۆر لە مێژە ئاشکرایە کە باکوری عێراق سەری تورکیا دێنێتە ژان.)

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت